ROJî GEl , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# دوای ده ساڵ بایکۆت کردن،گۆرانیەکانی بڵاودەکرێنەوە



ده ساڵ لەمەوبەر لەمەراسیمێکدا لەتورکیا، ئەحمەد کایای گۆرانبێژ رایگەیاند کە لەمەوبەدوا گۆرانی کوردی دەڵێ. هەر لەو کاتەدا رۆژنامەنوسان و هونەرمەندانی تورک کەوچک و چەتاڵیان پێدا کێشا، ئیدی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی تورکیا گۆرانیەکانی ئەویان بایکۆت کردو چیتر بڵاویان نەکردەوە.

سەرئەنجام لەبەر گوشاری دەوڵەت و لایەنە توندرەوەکانی تورکیا، ئەحمەد کایا ناچاربوو تورکیا جێ بهێڵێ و بەرەو ئەورپا بڕوات، ئەوەبوو لەپاریس نیشتەجێ بو، مخابن مەرگ تەنیا رێگەی ئەوەی پێدا کە یەک گۆرانی کوردی بچڕێ و کلیپی بۆ بکات. پاش کرانەوەی تەرەتە شەش 'کەناڵی کوردی' لەو وڵاتە، بەرێوەبەری تەلەڤزیۆنەکە رایگەیاند کە ئەوان کلیپەکە بڵاو دەکەنەوە و بەرنامەیەکی تایبەتیش لەسەر کایا ئامادە دەکەن، بەڵام بەرلەوەی کەناڵەکە ئەم کارە بکات، ئێن تی ڤی کە کەناڵێکی دیکەی تورکیە لەپرۆگرامێکی تایبەتدا کلیپەکەی بڵاو کردەوە.

هەرچەندە کە ئەحمەد کایا پەیامی ئاشتی هەبوو، بەڵام تورک رێگەی پێنەدا بە ئاشتی و ئارامی بژی و بستریَ، ئێستا دوای مەرگ، ئەوسا بەرهەمەکانی بڵاو دەکەنەوە.

## خەون چەند چرکەیەکم دەداتێ

**شوان حەسەن**

لەسەر تاشەبەردێک منداڵەکانم<br>
لەگەڵ ڕکاییدا گەمەیان دەکرد<br>
تۆش<br>
قاپێکی پڕ لەچوکلێتت بۆ کچەبچکۆلانەکەم<br>
ڕاگرتبوو<br>
گەورەکەش<br>
خاڵەڕەشەکانی پڕدێنەچاوماریەکەتی دەژمارد<br>
پربوون<br>
لەپێکەنین و سۆز<br>
ئەی خوای میهرەبانی<br>
چی لەمێشکم دەکەی بیکە<br>
بەس ڕام مەچڵێکێنە<br>
هەوایی بوونت ئەدرێسێک جێدەهێڵێت<br>
www.birawari.com

لەئاگاییم ناکرێتەوە<br>
لەنێوان وڵات وروع<br>
دوو کێڵ<br>
دەبن بەسنوور و<br>
لەسروشتی غوربەتا دەبم بەدارستان<br>
دوور کەوتنەوە<br>
... تکایە..<br>
چیتر هەڵمەکێشە<br>
با لەوەزیاتر چۆڵەکەکان هێلانەلەسەر ڕەگم<br>
نەکەن

shwanhassan@hotmail.com

- **لەسەرەتای ساڵی نوێدا، مەلەک رۆژهات، سترانبێژی دەنگخۆش گۆرانی جانا ئەڤینێی کلیپ کرد و بڵاویشی کردەوە کە کول و کەسەری ئەڤینی دەلاوێنێتەوەو هیوای**
- **فیلمی سینەمایی کوێستانی قەندیل تەها کەریمی دەریدەهێنێ، ئێستا لە قوناغی وێنەگرتندایە، چیرۆکەکانی ژیان و کولتوری هاوبەش و بەریەککەوتنی چوار نەتەوەی کورد و تورک و عەرەب و فارس بە زمانێکی سینەمایی دەگێرێتەوە. دکتۆر قوتبەدین سادقی مامۆستای شانۆ و عەینەدین مەریوانی و هونەرمەند جومەرد سترانبێژی باکوری کوردستان، رۆڵی سەرەکی لە کوێستانی قەندیل دا دەگێرن.**
- **شەیدا خێرئابادی؛ ژنە گۆرانیبێژی شاری سنە کە ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ خێزانەکەی لەشاری سلێمانی دادەنیشن، خەریکە ئەلبومێکی گۆرانیەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە لە شەش تراکت پێکهاتووە.**
- **حوسێن سێودین دەرهێنەری سینەمایی بەشێک لە رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی، دەکاتە فیلمێکی بڵندی سینەمایی، ستافی فیلمکە، وێنەگرو ئەکتەرەکان هی باشووری کوردستانن.**

# درێژترین ژنی جیهان داوای پەنابەری دەکات



ژنێکی پاکستانی کە درێژی باڵاکەی 218 سانتی مەترە لە وڵاتی بەریتانیدا داوای مافی پەنابەری کردووە.

رۆژنامەی دایلی مایل ئاشکرای کردووە کە ئەو ژنە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەهۆی درێژی باڵاکەیەوە لە وڵاتەکەی خۆیدا دووچاری کێشەو گرفت بۆتەوە، ئەو ژنەش ناوی زەینەب بیبیە و تەمەنی 35 ساڵانەو دوو ساڵ لەمەوبەر خۆی گەیاندۆتە بەریتانیاو داوای مافی پەنابەری کردووە، بەڵام داواکەی رەت کراوەتەوە، ئەو ژنە دەڵێ؛ جارێکیان چەند گەنجێکی پاکستانی پەلاماریان داوەو بەردیان تێگرتووە، بەوهۆیەشەوە ئەژنۆی شکاوە.

دایکی زەینەب کە تەمەنی 72 ساڵانەو ناوی ئیقبال بیبیە لەو بارەیەوە گوتویەتی کە کچەکەی گەیشتۆتە شوێنێکی هێمن و باشتر وایە بۆ پاکستان نەگەڕێتەوە.

ئەو ژنە لە کێبەرکێی ساڵی 2004 و 2008دا نەیتوانی بوو نازناوی درێژترین ژنی جیهان بپارێزێ، چونکە لە یەکەمیان ژنێکی ئەمریکی و لە جاری دووەمیش ژنێکی سینی کە درێژی هەریەکەیان 230 سم بوو، سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، بەڵام هیواخوازە کە ئەمساڵ نازناوی درێژترین ژن مسۆگەر بکات.

# هێلین ئەفشار کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دادەمەزرێنێ



**هێلین ئەفشار** خوشکی گۆرانیبێژی ناودار هۆلیا ئەفشار بەنیازە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێ.

هێلین ئەفشار رایگەیاندووە کە لەسەر ناوی خۆی خوشکەکەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دادەمەزرێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکاری پێویستی کردووە.

بەگوێرەی رۆژنامەی پۆست، هێلین ئەفشار ئاشکرای کردووە کە بۆ دەستنیشان کردنی فریکانسی کەناڵەکە زاواکەیان، سەعدەدین ساران واتە مێردی هۆلیا ئەفشار هاوکاری لەگەڵ کردووە، هەروەها لە رووی داراییشەوە هۆلیا ئەفشاری خوشکی هاوکاری دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە هێلین ئەفشار هەندێک جار لە سەر شێوەی پاریس هلتۆن دەردەکەوێ، هەربۆیەش بە هێلین هلتۆن ناوبانگی دەرکردووە، سەبارەت بە پڕۆژەکەی گوتویەتی: ' بۆ فریکانسەکە زاواکەمان هاوکاری کردووم، خوشکەکەشم لە رووی پارەوە هاوکاریم دەکات، کە بە دوو ستۆدیۆو سێ کامێرا ئەو کارە دەکەم، تەنیا من دەربکەوم، کەناڵەکە بینەری خۆی پەیدا دەکات'

# چاوێکی خۆی دەخوات

لە زیندانێکی ویلایەتی تیکساسی ئەمریکادا گیراوێک کە سزای مردنی بۆ دەرچووەو ماوەی سێ ساڵە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکە دەکات، لە هەنگاوێکی سەیردا چاوێکی خۆی دەردێنێ و دەیخوات.

ئەندریە تۆماسی تەمەن 25 ساڵان، ساڵی 2004 هاوسەرو دوو منداڵەکەی خۆی دەکوژێ، دڵەکانیان دەردێنێ و لە دەرەوەی لاشەکان دایان دەنێ، بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێ و ساڵی 2005 سزای مردنی بۆ دەردەچێ، بەڵام تا ئێستا سزاکە جێبەجێ نەکراوە، لە کۆتایی مانگی رابردوودا بێ ئەوەی هیچ شتێکی برەڕی لەلابێ، چاوێکی خۆی دەردێنێ و دەیخوات.

جیسۆن کلارک، وتەبێژی بەرێوەبەرێتی بە شی تاوان لە ویلایەتی تیکساس دەڵێ؛ ئێمە سەرمان سوڕماوە کە چۆن ئەو کارەی ئەنجام داوە، چونکە تەنیا بەدەستەکانی خۆی ئەو کارەی ئەنجام داوە، چاوە ساغەکەی خۆی دەرهێناوەو خواردویەتی، ئەمەش کارێکی بێوێنەیەو لە مێژوودا رووی نەداوە.

# ژووانگە

## کورد و کەلو

### 140

ئەو کەس و خێزانانەی ماددەی 140 دەیانگرێتەوە و بڕیار وایە قەرەبوو بکرێنەوە، بەبێ ئەوەی پارەی قەرەبوو کردنەوەکە وەربگرن پسولەی خۆراکیان گواستراوەتەوە، دەک دەڵێن لە کۆترو قەلیش بوون.

### بێوەژن

لە چەند ساڵی رابردوو جارجارە هەسارەی بەختی ئەوان لەگەڵ شووکردن جووت دەبوو، بەڵام پەرلەمانی فەلەک ناس هەسارەی ئەوانی پێچەوانەی سوڕاند، بۆ ئەوەی تا ماون بەختی شووکردنەوە وویان تێنەکات.

### شوفێری تاکسی

لەگەڵ نەفەرەکانتان چەند رۆژێکی پڕ لە کێشەو دەنگە دەنگ دەبەنە سەر، بەهۆی هەرزانبوونی نرخی بەنزین و مانەوەی کرێ وەکو خۆی،بەڵام بەخت یاوەرتان دەبێ و ئەو قرەوبێنە کەم دەخایەنێ، چونکە چەند چاو تروکانێکی دیکە نرخی بەنزین بەرەو هەڵکشان دەبەن.

### چات

ئەو کورە گەنجانەی لە پات دا خۆیان دەکەن بە کچ و بە حیسانی خۆیان بە کوڕانی دیکە رادەبوێرن، بەشێکی زۆری حەزی مێینەیان تێدایە، بەڵام هەسارە کۆمەڵایەتیەکە لێناگەڕێ ئەو حەزەیان بێتە دی.

### جەیش

هەموو ئەگەرەکان ئەوە نیشان دەدەن کە تۆ بەختت زۆر باشەو بەردەوامیش بەباشی دەمێنێتەوە، چونکە کیمیابارانیشمان بکەی، ئەنفالمان بکەی، دێیەکانمان وێران بکەی هەر شانازیت پێوە دەکەین!!

### مەسئول

هەنگاوی باشتان هاویشتوە بۆ دەوڵەمەندبوون، کەمێک هەنگاوەکانتان چڕتر بکەنەوەو میللەت بگوشن سەرمایەکانتان دەگاتە بەرجی عالی، دڵنیابن ئەوە نەکەن ناتوانن ژیانی بیست و پێنج پشی دابین بکەن، ئەوەی ئەوە نەکات ناچێتە خانەی بەرپرسەکان و وەک پارێزەری مافی مرۆڤ نا ناسرێت و لە بازاڕی سەرمایەداری وەک کەسێکی کورتبین و ناشارەزا تور دەدرێت.

### رۆژنامەنووس

راستیەکەی ئەوانە مەخلوقێکی سەیرن، هەمیشە پرتەو بۆڵەیانە لەهەموو شتێک بەدەنگ دێن، هەر دەڵێن و دەیڵێنەوە، ئەرێ حکومەت بۆ ساوایە؟! ئەرێ کەی بەسەرپێ دەکەوێ؟ کەی ددانی دێ؟ کەی و کەی.. دەلێ گەڕێن با هەر ساوابێ، چونکە ئەگەر باڵق بێ لەوانەیە ......

### فیلم بازاڕی

هەتا ئەوکاتانەی وەزارەتی رۆشنبیری لەو خەوە هەڵدەستێت و نان و چای بەیانی دەخوات، دەیان فیلمی بازاڕی بێ سەر بسەر دەردەچێت، چاوەڕێ دەکرێت بڕوش بە حەیران و لاوک ، ساوار و گەنمە کوتاش بکەوێتە بازاڕ.

### پرسگە

راستیەکەی کاری ئەو رێکخستنی پەیوەندی نێوان فەرمانگەو ئەو کەسانەیە کە سەردانی فەرمانگەکەی دەکەن، بەڵام دەبێ بزانێت ئەگەر رێگەت بکەوێتە ئەوێ، دەبێ لەسەرخۆ بیت، چونکە پرسگە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕت لەگەڵدا دەکات، دەبێ بزانێ بۆچی دەچی، دەنا رێگەت پێنادات.

**سەرنووسەر دەینووسێ**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-11-14 21:44:00 |
| Change Number: | 299 |
| Last Saved On: | 2009-01-14 21:23:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 371 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-01-14 21:23:00 |

As of Last Complete Printing

Number of Pages: 1

Number of Words: 90 (approx.)

Number of Characters: 478 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com